سەرۆک کۆمار: پرۆسەی سیاسی دوای ساڵی 2003 لەسەر بنەمای کۆمەڵك نەگۆڕ بووە



د.عەبدوڵتیف ڕەشید سەرۆک کۆمار، ئەمڕۆ سەشەممە،ڕایگەیاند پرۆسەی سیاسی دوای 2003 لەسەر بنەمای کۆمەڵك نەگۆڕ بووە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-دوای دەرکردنی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (224 و یەکخستنی 269/ فیدراڵی /2023) لە 21-2-2024 سەرۆك کۆمار چاوی بە سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی کەوت بە ڕاوێژکردن لەبارەی ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی.

سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوە کرد کە پرۆسەی سیاسی لەدوای ساڵی 2003 لەسەر چەند بنەمایەکی نەگۆڕ داڕێژراوە، کە خواستی سەرکردە سیاسییەکانی لەسەر بووە و لە دەستوردا چەسپاوە و یەکێك لە دیارترین ئەو پرەنسیپانە ئەوەیە، کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و سیستمی دەسەڵات کۆماری نوێنەرایەتی پەرلەمانییە، دەستور بەوونی هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی ئستای پەسندکردوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەرێم و هاووڵاتیاندا هەیە، بەشێوەیەك کە جگە لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵ، دەستوور و یاسا پێشێل نەکات.

سیاسەتی دارایی و گومرگی و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سنووری هەرێمەکان و

پارێزگاکان لە عێراق و داشتنی سیاسەتی نەختینەیی، دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە و دیاریکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردن، لەدەسەڵاتەکانی هەرێمدایە.

لە بڕامبەردا سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، ئاماژەی بەوە کرد کە دادگا پابەندە بەوەی دامەزرێنەرانی پرسەی سیاسی لەسەری رێککەوتون و ئەوەی لە دەستوردا ئاماژەی پێکراوە، کە عێراقییەکان پەسندیانکردوە و پێیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و هەرێمەکانی رێکخستوە، دادگای باڵای فیدراڵیش بەپێرەشە کە ئەوەی لە دەستور و یاسا کارپێکراوەکاندا هاتووە جێبەجێ بکات و یەکەم پاڵپشتیکاری سەروەریی بنەما یاساییەکان دەبێت و پارێزگاری لە مافەکانی گەل دەکات و دەسەزە بە خوێنی شەهیدان و جێختیشیکردوە، کە دادگا بەپێرەشە بە سەروەریی بنەماکانی دیموکراسی و بڕگەکانی دەستور لە هەموو ئەو بابەتانەی، کە پێیوەستن و هەروەها بە پێرەشە بە بەدواداچوون لەسەر میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ژمارە (224 و یەکخستنی 269/ فیدراڵی /2023) لە 21-2-2024، بەشێوەیەک کە بەبەتەهەی دەستبەرکردنی گەیاندنی شایستە دارایییەکان بە فەرمانبەران و ئەوانەی کە تەی پاراستنی کەمەایەتی و کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان دەگرێتەوە لە کاتی دیاریکراودا.

سەرەکی دادگای باڵای فیدراڵی، دوپاتیکردەوە کە بڕیاری ژمارە (224 و یەکخستنی 269/ فیدراڵی /2023) لە 21-2-2024 پێیوەندیدار بە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی دادپەروەری کەمەایەتییە و وەزارەتی دارایی فیدراڵی هەماهەنگییەکی راستەوخۆی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە سەبارەت بە بابەتی بڕیارەکە و دیاریکردنی چوارچێوەیەک بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی، بەشێوەیەک کە خەرجکردنی موچە بەبێ وەستان مسۆگەربکات و بەهەکاری هونەری یاخود گرتنەبەری رەوشوێنکان نەوەستێت، چونکە میکانیزمی نشینکردن (توطین)ی موچە، پێویستی بەماوەیەک هەیە بەپێی نوسراوی وەزارەتی دارایی فیدراڵ، لەبەرئەوە موچە بەکاش دەدرێت بەو فەرمانبەرانەی ماونەتەوە و پرسەی نشینکردنی موچەیان بەهەی رەوشوێنە تەکنیکییەکانەوە تەواو نەبوە، تا ئەوکاتەی پرسەی نشینکردنی موچە تەواو دەبێت.

هەروەها دادگا پشتگیری و پارێزەری مافەکانی گەلە و لە پێیوەندی و راوێژی بەردەوامدا دەبێت لەگەڵ سەرەك کەمار و پێیوەندی بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە نەهەشتنی ئەو بەربەستانەی رێنگە روبەڕوی جێبەجێکردنی بڕیارەکە ببنەوە.

لە کتاییدا، سەرەك کەمار جێختی لە پەرەشی خۆی کردەوە بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستور و یاساکان لە رێکخستنی پێیوەندی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق و کارکردن بە کەمکردنەوەی ئەو نەهامەتیانەی خەڵکی کوردستان بەهەی ناڕەکی لە دابەشکردنی موچەوە سەرچاوەیان گرتوە. جێختیشیکردەوە لەسەر کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم سەبارەت بەوەی بەخێر بە هەرێم و گەلەکەی بگەیەنێتەوە.